# مافەکانی ژنان لە نێوان.. پێوانە یونیڤێرساڵی یەکان و کۆت وبەندە لۆکاڵی یەکاندا"

## ناونیشانی کۆنگرەی یەکی جهانی ژنانە کەلەلایەن کۆمیتەی بەرگری لەمافەکانی ژنانی عیراق وە ریکخراوی ئازادی ژن لە عیراق-سوید سازدەدری .

لەم کۆنگرەیەدا چەندین باس و لیکۆلینەوە کە پەیوەندی‌یان بەمەسەلەکانی ژنان وئەوگرفتانەی کەلەدنیای ئەمرۆدا وبەتایبەت بەهۆی کۆت وبەندی فەرهەنگی و قەومیی وئاینی ویاسایی‌یەوە رووبەرووی ژنان بۆتەوە، لەلایەن چەندین تویژەرو کەسایەتی و هەلسوراوی بزوتنەوەی ژنانەوە لەولاتانی رۆژهەلات و ئەوروپا، بەزمانەکانی ئینگلیزی، سویدی، عەرەبی و کوردی، پیشکەش بەئامادەبووان دەکری... کەسایەتی یەکانی بەشدار لەم کۆنگرەیەدا بریتین لە :

نەوال سەعداوی/نوسەروو لیکۆلەرەوەی مسری، شریف حتاتە/نوسەری مسری، رجا بن سلامە/ نوسەروو هەلسوراوی ژنان لە تونس، لیلی لەنگری/ هەلسوراوی ژنان لە ئەفغانستان، ینار محمد/ رەئیسی ریکخراوی ئازادی ژن لە عیراق، نادیە محمود/ نوینەری دەرەوەی ریکخراوی ئازادی ژن لەعیراق، ناسك احمد/ یەکیك لە هەلسوراوانی ناسراوی بزووتنەوەی یەکسانی خوازی ژنان لە کوردستانی عیراق، هەلالە رافع/ لیپرسراوی کەمپینی بەرگری لەمافەکانی ژنان لە عیراق-سوید ، سوسن سلیم/ تایبە تمەندی زەبرووزەنگ لەبەرامبەر ژناندا، هوزان محمود/ نوینەری ریکخراوی ئازادی ژن لە لندن، دیلشا دیمربك ستین/ روژنامەوان و نووسەری مەیدانی ژنان لە سوید ئوللا هۆفمان/ نوینەری پەرلەمانی حیزبی چەپی سوید، نوینەری پەرلەمانی سوسیال دیموکراتی سوید، ماریا پیلار/نوینەری پاریزگاکانی سوید سەبارەت بە مەسەلەکانی ژنان وژنانی پەنابەر، نوینەری ئەمنستی ئەنتەر ناسیونال لەسوید، ، ئیڤون هیردمان/پرووفیسۆری میژوو وە فیمینیزم لە زانکۆی ستۆکهۆلم ئالا فەرەج/سەرنوسەری بلاوکراوەییەکسانی ریگا رەوف/هەلسوراوی بزووتنەوەی یەکسانی خوازی ژنان، بهار منزر/ هەلسوراوی مەیدانی ژنانی پەنابەر لە نەروویج، بەیان سالح/ هەلسوراوی ژنان لە دانمارك، ئەعزەم کەم گویان/ نوسەر وو لیکۆلەرەوە سەبارەت بە ژنان یاساوو مەزهەب لە ئیران، سارا محمد/ ریکخراوی هەرگیز پیلاو فادیمە لە یاد مەکەن، مریم ئەفراسیاب پور/ نوینەری ریکخراوی رەهای ژن لە ئیران، لیلی قەرای وە ئاننا/شەبەکەی ژنان لە سوید ، نوینەری ریکخراوی منال پاریز لە سوید، نوینەری تیرا فیم/ خانەی ئەمنی ژنانی پەنابەر لە هەموو سوید وە نوینەری وەزارەتی یەکسانی.

هاوکات لەم کۆنگرەیەدا، چەند چالاکی‌یەکی ئەدەبی و هۆنەری پیشکەش دەکری و دوو فیلمی دۆکمینتاری لەسەر بارودۆخی ژنانی عیراق لەدوای رووخانی رژیمی بەعس و فیلمی " بەرەو رزگاری" کەتایبەتە بەژنانی ئەفغانستان، نیشان دەدری و سلاید شۆیەك بۆ خستنەرووی چالاکی‌یەکانی ریکخراوی ئازادی ژنان لەعیراق پیشکەش دەکری.

ئەم کۆنگرەیە بۆماوەی دوو رۆژ لەشاری ستۆکهۆلم/ سوید بەرنامەکانی خۆی دەباتە پیشەوە

18 ی مارس 2005 ریکەوتی هەینی کاتژمیر 10.00- 18.00

لە ABF Svea Vagen 41 T.Radmansgatan

19 ی مارس 2005 ریکەوتی شەممە کاتژمیر 10.00-17.00

لە Husby Traff T.Husby


**هەلالە رافع**

بەریوەبەری گشتی کۆنگرەی جیهانی ژنان

2005/2/22

تلفۆن : 0046739084190

مایل : halala_rafii@yahoo.com